# هۆڵەکانی تاقیکردنەوەی گشتی ، جەهەنەمێك بۆ خۆی

**فیصل محمد رواندزی**

ئەمەی لێرەدا دەیخەمە روو بارووددۆخی رۆژی 2005/6/9 ی هۆڵی تاقیکردنەوەی ناوەندی سەیداوەی کوڕانە لە هەولێر بۆ قۆناغی ئامادەیی و ناوەندی کە ئەو رۆژە زیاتر لە هەر رۆژێکی تر گلەیی و گازاندەیان بەرامبەر بە رەوشی بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکان هەبوو، لەبەر ئەوەی ئەو رۆژە قوتابیان و خوێندکاران دەیانگوت ئێمە تاقیکردنەوەکان لە ناو هۆڵەکانی جەهەنەم ئەنجام دەدەین ، ئەوەتا قوتابیەك دەڵێ هیچ مەسئولێك ئامادە نییە تەنانەت یەك کیلۆمەتر بە بێ ساردی بە ئوتومبیلەکەی بڕوات، قوتابیەکی تر ووتی من ساڵێکە زانیاری کۆدەکەوە بۆ ئەوەی پلەیەکی باش بە دەست بێنم کە چی لەبەر نەبوونی کارەبا و باری خراپی نا هۆڵی تاقیکردنەوەکان هەر چی زانیارێکم هەبوو بیرم چۆوە و ئەوەتە هاتوومەتە دەرەوە و بێ ئەوەی ووشەیەکیش وەڵام بدەمەوە.

پرسیارێکم لە بەڕێوەبەری هۆڵی تاقیکردنەوە کرد لە ئەنجامدا وەڵامی دایەوەو ووتی ئەوەتا من لە بەیانیەوە خەریکی تەلفۆنم بۆ بەڕێوەبەری کارەبا کە چی هیچ ئەنجامێکم دەست نەکەوت، هەروەها پەیوەندیم بە سەیتەرەی کارەبا کردووە کەس وەڵامی نییە ، لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنی تر داوام لە بەڕێوەبەری پەروەردە کرد کە چاوێك بە رەوشی هۆڵەکان  بخشێنێتەوە و روونم کردەوە کە باری دەروونی خوێندکاران و قوتابیان زۆر خراپە و هۆڵەکانی تاقیکردنەوە لە بارێکدان کە ناکرێ بە هیچ شێوەیەك تاقیکردنەوەی تێدا ئەنجام بدرێت لە بەرنەبوونی  کارەبا و مبەریدە ، تەنانەت ئاوی خواردنەوەش وەك و پێویست نییە ئافرەتێك خۆی و یەك دۆڵکە ئاو بەناو زیاتر لە 100 خوێندکار و قوتابیاندا دەسورێتەوە ئاو دابەش دەکات کە نیوەی قوتابیان ئاوەکە ناخۆنەوە نەك لەبەر ئەوەی تێنیویان نییە بەڵکو ناکرێ ئەو هەموو قوتابیە و یەك بەرداخ.

هەر بۆ زیاتر دواندن مامۆستایەکی تر ووتی من لە لای خۆم تەحەمولم نەماوە جا ئێوە چۆن تاقیکردنەوەکە ئەنجام دەدەن قور بەسەرخۆتان.

معاون مدیر قاعەکە لە وەڵامی هەمان پرسیار ووتی ئێمە هیچمان لە دەست نییە تەنها لە سەر ئێمە ئەوەیە کە بەرپرسان ئاگادار بکەینەوە بەڵام کە وەڵام نەبێت  چی بکەین.

لە کۆتاییدا کە چەندین قوتابی و خوێندکار تاقیکردنەوەکانیان جێهێشت نەك لەبەرئەوەی پرسیارەکان قورس بوون ، بەڵکو لەبەر نالەباری رەوشی هۆڵەکان و نەبوونی کەمترین پێداویستی بۆ تاقیکۆدنەوە لە هۆڵەکان. جا ئەوەی لێرە مەبەستە ئەوەیە حەق وایە بەرپرسان لە کاتی نزیك بوونەوەی وادەی تاقیکرنەوەکان مشورێکی کارەبا و هۆکارەکانی ساردکەرەوە و ئاو ..هتد بخۆن بۆ ئەوەی کە قوتابی دێتە هۆڵەکە هەست بکات کە شتێکی بۆ کراوە. بۆ ئەوەی رەنجی ساڵانەی بە فیرۆ نەڕوات.